# ١١ سەربازی بارمتە

ئا : بەكر شوانی

ڕەوف تامەر – ڕۆژنامەی ستار ٢٠٠٣/٧/٦:

ئایا سەرباز بە بارمتە دەگیرێ؟ یان دەخرێتە بۆسەوە و ڕاودەكرێ، یاخود زەمینە بۆ ڕادەستكردنی خۆشدەكرێ و دەست بەسەر چەكەكانیاندا دەگیرێ؟ ئەمە هەر لە كاتی شەڕدا ڕوودەدات، ئێ خۆ لەوێ شەڕیش لە گۆڕێدا نیە. دەی، دەبا نەرمتر بدوێین، با بڵێین بەدیل نەگیراون، بەڵكو دەستگیر كراون. ئێ باشە سەرباز چۆن دەستگیر دەكرێ؟ چ بارمتە بن و چ دیل و چ دەستگیركراو، هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، چونكە دڵمان شكێنراوە.

تا كاتی نوسینی ئەم وتارە هێشتا ١١ سەربازەكەمان ئازاد نەكرابوون. ئازاد كردنیشیان هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ و ئەم ڕیسوابوونە ناسڕێتەوە. ئەمە چەندین جارە توركیا لاواز دێتە بەرچاو. كەوتینە بەر سوكایەتی پێكردنی بارزانی و تاڵەبانی و بێدەنگ بووین. كەركوك تاڵان كرا و ئێمە هەر سەیركردنمان بۆ مایەوە و پشتمان لە توركمانەكان كرد. وتیان مەچنە باكوری عێراقەوە، وتمان بەڵێ، باشە. ئاڵاكەیان سوتاندین و پیشمان خواردەوە. هێشتا وردەكاری چۆنێتی بە بارمتە گرتنی ١١ سەربازەكەمان نازانین، بەڵام لە قۆناغێكدا دەژین كە ڕەهێڵەی سوكایەتی پێكردن بە شێوەیەكی سەیر ڕووی تێمان كردووە. بە هەر نرخێك بووە ١١ سەربازەكەی خۆم دەوێتەوە، چونكە ئەگەر ئەوان نەیەنەوە، ئەوا شتە ونبووەكانی ترمان هەرگیز دەست ناكەوێتەوە.

## ئەمە چۆن هاوپەیمانێكە

هاكان ئاتیس – ڕۆژنامەی ئاكشام ٢٠٠٣/٧/٦:

ئەمەریكاییەكان تورەكەیان كردە سەری ١١ سەربازی تورك و بە كەلەپچەكراوی دەستگیریان كردن. سەركردایەتی گشتی سوپا و وەزارەتی دەرەوە بە هەماهەنگی ئەم پەیامانەیان ئاڕاستەی واشنتۆن كرد:

١- لە دۆخێكی وەهادا كە نائارامی باڵی بەسەر باكوری عێراق و تەواوی وڵاتدا كێشاوە، مۆڵەت نادرێ بە هیچ جۆرێك هەبوونی یەكە سەربازیەكانی توركیا لە هەرێمەكە بخرێتە بەر باس.

٢- هەبوونی سەربازەكانی تورك لە هەرێمەكە تەنیا بە مەبەستی دابینكردنی ئاسایش و پاراستنی ئاشتیە.

٣- وا دەردەكەوێ ئەو ستراتیژیەی پارتی دیموكراتی كوردستانی عێراق كە توركیای كردووە بە نیشانە، درێژەی هەیە. بە هیچ جۆرێك ڕێگە نادەین مافەكانمان پێشێل بكرێن.

٤- توركیا وڵاتێكی كاریگەری هەرێمەكەیە و دارشتنی سیاسەتێكی نوێ بۆ هەرێمەكە مەحاڵە بێ توركیا ئەنجامێكی سەركەوتوی هەبێت.

## مەهمەتچیك بە دیل گیران

ڕۆژنامەی ستار ٢٠٠٣/٧/٦:

توركیا بە درێژایی مێژووی كۆمار بەمجۆرە ڕەزیل نەكراوە. ئەمەریكا لە سلێمانی ١١ سەربازی ئێمەی بە دیل گرت و بە كەلەپچەكراوی بۆ بەغدای بردن. لە كاتی شەڕی عێراقەوە هەتا ئێستا ئەمە گەورەترین قەیرانە لەگەڵ ئەمەریكادا كە هاوپەیمانێكی ناتۆ-مانە و پاش داگیركردنی عێراق بووە بە هاوسێی باشوری توركیا.